# بەش: زمانی کوردی.

# کۆلێژ: پەروەردەی شەقلاوە

# زانکۆ: سەلاحەددین.

# بابەت : ئەدەبی کۆن

# ناوی مامۆستا: کامران ابابکر خضر

# ساڵی خوێندن: ٢٠٢١- ٢٠٢٢

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی كۆرس | **ئەدەبی كۆن** |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | كامران ابابكر خضر |
| ٣. بەش/ كۆلێژ | زمانی كوردی/ كولێژی پەروەردە - **شەقلاوە** |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: . kamaran.khudhur@su.edu.krd |
| ٥. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | (2) كاتژمێر - تیۆری<br>لە هەفتەیەكدا |
| ٦. ژمارەی كاركردن | **ڕۆژانی شەممە – دووشەممە  چوارشەممە/ وانە ووتنەوەم هەیە.**<br>**ڕۆژانی یەك شەممە – كاتژمێرەكانی كتێبخانە.**<br>**ڕۆژانی سێ شەممە– كاراكردن و كاركردن و كۆبوونەوە لەو لیژنانەی تێدا ئەندامم.** |
| ٧. كۆدی كۆرس | **....................** |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | • لەدایك بووی : پایزی(١٩٨٨) لە قەزای شەقلاوە ..<br>• لە ساڵی (٢٠٠٧) ناوی لە (زانكۆی سەلاحەددین - كۆلیژی پەروەردەی بنیات  بەشی زمانی كوردی) دا هاتۆتەوە.<br>• قۆناغەكانی كۆلیژی بەم پلانە بڕیووە:<br>• قۆناغی یەكەم بە پلەی **یەكەم**<br>• قۆناغی دووەم بە پلەی **دووەم**<br>• قۆناغی سێیەم بە پلەی **یەكەم**<br>• قۆناغی چوارەم بە پلەی **یەكەم**<br>• دەرچووی ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) یە ، بە نمرەی (**٨١**).<br>• پلەی ( **یەكەم** )ی لە سەر ئاستی بەشی زمانی كوردی و پلەی (**سێیەم**) لەسەر ئاستی كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی بەدەستهێناوە .<br>• لە ( **دە یەكەمەكانی** دەرچووی زانكۆیە لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان لە (زمانی كوردی) بۆ ساڵی (٢٠١٠) .<br>• ناوی لە ( تابلۆی شانازی) یەكەمەكانی زمانی كوردی تۆماركراوە. |

| | |
|---|---|
| | • لە ساڵی (٢٠١٠) وەك مامۆستا لە قوتابخانەی (ئاقوبانی خواروو- پەروەردەی شەقڵاوە) لە وەزارەتی پەروەردە دامەزراوە.<br>• دواتر لە ساڵی (٢٠١١) ڕاژەی گواستراوەتەوە بۆ بەشی زمانی کوردی- کۆلیژ پەروەردەی بنەڕەتی- زانکۆی سەلاحەددین- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوی زانستی و وەك (یاریدەدەری توێژەر  معید) دەستبەکاربووە.<br>• دواتر لە ساڵی (٢٠١٤) دەستی بە خوێندنی ماستەر کردووە ، لە زانکۆی ڕاپەڕین  فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ بەشی زمانی کوردی .<br>• لە ٢٠١٦/٦/٤ گفتوگۆی نامەکەی بەناونیشانی (شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی  کرمانجی ناوەڕاست لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩١ دا) کراوە و بە پلەی (زۆرباش) وەرگیراوە و بڕوانامەی (ماستەر)ی لە ئەدەبی هاوچەرخی پێبەخشراوە.<br>• لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چەند وتارێکی لە بواری ( کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری ، پەروەردەیی ، ئەدەبی) بڵاوکردۆتەوە .<br>• لەماوەی کارکردنیدا بەشداربووە لە چەندین خوول: لەوانە (توانستی کۆمپیوتەر، زمانی ئینگلیزی ، ڕێگاکانی سەرکەوتن لە ژیان ، پێگەیاندنی سەرکردە، زمانی فارسی ، ڕێگاکانی وانە ووتنەو.. ... )<br>• ئەندامە لە چەندین کۆمەڵە و دەستەی ڕیکخراوەیی حکومی / ناحکومی.<br>• دووساڵ لە مامۆستا بووە لە بەشی زمانی کوردی - کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی / زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر<br>• لە ١١/ ١٠/ ٢٠١٨ ، نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر)ی پێبەخشراوە.<br>• ئێستاش مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی هاوکات قوتابی دکتۆرایە لە کۆلیژی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر. |
| ٩. وشە سەرەکییەکان: | چەمك و زاراوەی ئەدەبی کۆن ، سەرەتایەك بۆ ئەدەبی کۆنی جیهان (سۆمەری ، میسری کۆن ، یۆنانی ، ڕۆمانی ).<br>ئەدەبی کۆنی کوردی (شیعر و پەخشان).<br>ئەدەبیاتی زاری لوڕی : بابەتاهیری هەمەدانی ، پورفەخرەددین.<br>ئەدەبیاتی زاری گۆرانی : مەلای پەرێشان ، خانای قوبادی ، مەولەوی ، مەستورەی ئەردەلانی-کوردستانی .<br>ئەدەبیاتی زاری کرمانجی سەروو : شیعر/ جزیری ، خانی. |

| | |
|---|---|
| پەخشان ⁄ عەلی تەرەماخی ، مەلا مەحموودی بایەزیدی.<br>ئەدەبیاتی زاریکرمانجی خواوو: شیعر⁄ نالی ، سالم ، کوردی.<br>پەخشان ⁄ مەولانا خالیدی نەقشبەندی ، شیخ حوسەینی قازی. | |

**١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

میللەتان هەموویان خاوەن مێژوو و سنوور و کلتوور و زمانی تایبەت بەخۆیانن ، هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە ئەدەبەکەیان ڕەنگدانەوە و گوزارشتکردنە لە خۆیان مێژووەکەیان.

کوردیش وەك هەر میللەتێکی تری ئەم جیهانە بوونی هەیە، ئەگەرچی تاوەکو ئێستاش خاوەن کانێکی سەربەخۆ نییە ئەویش بەهۆی چەندین هۆکا(دەرەکی ، ناوەکی) ، بەڵام ئەمە نەك بۆتە هۆی لاوازی ئەدەبی کۆنی کوردی ، بەڵکو هونەر و ئەدەبی کوردی کۆنی دەوڵەمەندتر و بەرفراوانتر کردووە و خاوەنی چەندین شاعیر و ئەدەبنووسی لێهاتووە کە ئەمەش بۆ زرنگی و زیندوویەتی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە .

بەشێوەیەکی گشی باس لە ئەدەبی کۆنی جیهانی دەکرێ و دەروازەیەك بۆ قوتابییان دەکرێتەوە کە زیاتر ئاشنای ئەدەبی کۆن بن. لە هەمان کاتدا باس لە ئەدەبی کۆنی کوردی دەکرێت و گرنگی هەبوونی ئەم ئەدەبە بە شێوەزارە جوداکانەوە بۆ قوتابییان ڕووندەکرێتەوە.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

بەگشتی ئامانج وتنەوەی ئەم بابەتە ئاشناکردنی قوتابییانە بە ئەدەبی کۆنی کوردی ، چونکە ئەدەبی کۆنی کوردی سەرچاوەی هەموو داهێنانە ئەدەبییەکانی دوێنی و ئەمڕ و داهاتووشمانە. هەروەها قوتابییان ئامادە دەکات کە لە بابەت یا لە پۆلەکانی تر بتوانن سوودی لێ ببینن بە تایبەت لە بابەتەکانی (ڕێبازە ئەدەبییەکان ، ئەدەبی نوێ ، ئەدەبی هاوچەرخ ، ژانرە ئەدەبییەکان ، ....) .

لەگەڵ ئەوانەشدا ئامانج و مەبەستی تایبەتی و سەرەکی لە خوێندنی ئەو بابەتانە ، ئەوەیە کە : قوتابییان لەگەڵ ناسینی شاعیران و ئەدیبان و زانیباری وەرگرتن لەسەر ئەدەبی کۆنی کوردی ، ئەوە ئاشنا دەکرێن بە ڕووخسار و ناوەڕۆکی ئەم ئەدەبە.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

ئەرکەکانی قوتابی بۆ ئەم بابەتە بریتین لە :

- ئامادەبوونی ڕۆژانە لە کاتی وانەوتنەوە.
- پابەندبوون بە فەلسەفەی وانەوتنەوەی مامۆستا.
- قوتابی ڕۆژانە خۆی ئامادە دەکات بو لێپرسینەوە لە بابەتی خوێندراو .
- قوتابیان هەماهەنگ دەبن لە فێربوون دا (تعلم تعاوني)، ئەو بابەتانە دەخوێندرێن قوتابیان بە پراکتیك لە پۆلدا ئەنجامی دەدەن.

- ئامادەکردنی سیمینار و ڕاپۆرتی پەیوەندار بە بابەتەکە .
- قوتابی دەبێت پابەند بێت بە ئامادەبوون لە شوێن وکاتی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوە.

**١٣. ڕێگەی وانەوتنەوە:**

- بە مەبەستی وتنەوەی کورس بوکەکە چەندین ڕێگا و شێواز بە کاردەهێنم بو فێرکردنی قوتابی وەك :
  - ڕێگای وانەوتنەوە (طريقة المحاظرة).
  - ڕێگای گفتوگۆ (طريقة المناقشة).
  - ڕێگای پرسینەوە (طريقة الاستجواب).
- بۆ وتنەوەی بابەتەکە چەندین ئامرازی فێرکردن بە کار دەهێنرێن وەك :
  - بەکارهینانی داتاشۆ بو نیشاندانی ئەو پاورپۆینتانەی تایبەتن بە بابەتی کورس بوکەکە.
  - بەکارهینانی واید بورد - تەختە بۆ نوسینی خاڵە گرنگەکان.
  - بەکارهێنانی چەندین باس و توێژینەوە لە ئاستە جۆراوجۆرەکان و شلۆڤەکردنییان لە لایەنی بابەتیی و هونەری .

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

هەڵسەنگاندنی قوتابیان بە مەبەستی زانینی ئاستی فیربونیانە ، ئەمەش لە ریگای تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و مانگانە و تاقیکردنەوەی کوتایی وەرز.

بەگشتی نمرەکان لەسەر (١٠٠) ئەویش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

- دوو تاقیکردنەوە لە کۆتایی سێ مانگ جارێك : تاقیکردنەوەی یەکەم = (20) نمرە لە کۆی گشتی .
  تاقیکردنەوەی دووەم = (20) نمرە لە کۆی گشتی .
  (٢٠ + ٢٠ ) = (نمرەی ( ٤٠٪)
- تاقیکردنەوەی کوتایی وەرزی خوێندن = (٦٠٪) نمرە.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

لە کۆتایی قوتابی دەگاتە ئەو ئەنجام و مەبەستەی کە شارەزاییەکی باشی پەیدا دەکا لە ئەدەبی کۆنی نەتەوەکەی.
دواتر ئەو قوتابیانەی کە حەز لەم بوارە (ئەدەب) دەکەن ، بەسوود وەرگرتن لەو زانست و زانیارییەی کە پۆڵ لەکاتی وانە وتنەوە و لە سەرچاوەکان وەریدەگرێت ، دەرگای بۆ والا دەکا کە لێکۆلینەوەی ئەکادیمی و وتار لەسەر بابەتە باسکراوەکان بنووسێت و بلاوی بکاتەوە و پاداشتی ماددی مەعنەوی لە بەرانبەر وەربگرێت .

**١٦. لیستی سەرچاوەکان:**


١. ئەنجومەنی ئەدیبان ، ئەمین فەیزی بەگ ، ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد-١٩٨٣.
٢. مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ، بوکنو ب. تراویك ، و. حەمەکەریم عارف ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك-٢٠٠٨.
٣. مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ، بوکنو ب. تراویك ، و. حەمەکەریم عارف ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ،

دهۆک-٢٠٠٨.

٤. علائەدین سەجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی دووەم ، بەغداد-١٩٧١.

٥. مێژووی ئەدەبی کوردی ، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ... ، سلێمانی -٢٠١٢.

٦. ئەدەبی کۆنی کوردی ، ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، ، چاپی دووەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر-٢٠١٢.

٧. مێژووی ئەدەبی کوردی ، مارف خەزنەدر ، ، بەرگەکانی( یەکەم- دووەم - سێیەم - چوارەم )، چاپی یەکەم ، چاپخانەی و. پەروەردە ، هەولێر -٢٠٠٣.

٨. دەستە و دامانی نالی ، مەسعود محەمەد ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراسن ، هەولێر-٢٠٠٧.

٩. خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی ، عەبدولڕەزاق بیمار ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر-٢٠٠٦.

١٠. نالی و خوێندنەوەیەکی سەردەم ، سالح سوزەنی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ......... ، هەولێر-٢٠٠٦.

١١. مێژووی وێژەی کوردی ، سەدیق بۆرەکەیی(سەفی زادە) ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر-٢٠٠٨.

١٢. محمد نوری عارف ، وشەوزاراوەکانی باباتاهیرو بەراورد کردنیان لەگەڵ شێوەکانی زمانی کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

١٣. هەیاس محمودکاکەیی ، بەدوا داچون و لێکۆلینەوەك دەربارەی باباتاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی ، چاپخانەی هەولێر ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٠ .

١٤. احمد تاقانە ، ژیان و بەرهەمی باباتاهیری هەمەدانی ، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٥. نالی، دیوانی نالی، کۆکردنەوەی مەلاعبدالکریم، فاتح عبدالکریم،چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ، بەغداد، ١٩٧٦.

١٦.**بابەتەکانی کۆرس:**

## کۆرسی یەکەم

| هەفتەکان | بابەتەکان | ئامانجی بابەتەکان | مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|---|---|
| یەکەم | یەکترناسن .<br>دەروازەیەك بۆ ئەدەبیاتی کۆنی جیهانی | قوتابیان ئاشنادەکرێن بە فەلسەفەی وانە وتنەوەی مامۆستا و فەلسەی وانەکە .<br>ئامانج و مەبەستی خوێندنی بابەتی ئەدەبی کۆن ڕووندەکرێتەوە. | |
| دووەم | چەمك و زاراوەی ئەدەبی کۆن.<br>ئەدەبی سۆمەرییەکان | لە ڕووی چەمك و زاراوەی ئەدەبی کۆن بۆ قوتابیان شیدەکرێتە.<br>قوتابی ئاشنا دەکریٚ بە ئەدەبی سۆمەرییەکان ، کە ئەدەبێکی نەنووسراوە و ئەفسانەیە. | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سێیەم | ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی | قوتابی بە ئەدەبی (یۆنانی و ڕۆمانی) نووسراو ئاشنا دەبێ ، کە کۆنترین ئەدەبی نووسراوە. | |
| چوارەم | ئەدەبی هیندی و چینی | هەولێکە بۆ زیاتر ئاشنابوونی قوتابییان یە ئەدەبیاتی ئەو دوو شارستانیەتە کۆنەی مرۆڤایەتی | |
| پێنجەم | دەروازەیەك لەبارەی ئەدەبی کۆنی کوردی | قوتابی ئاشنا دەبێ بە سەرەتاکانی ئەدەبی کۆنی کوردی . | |
| شەشەم<br>حەوتەم | ئەدەبی کۆنی کوردی بە زاراوەی لوڕ | قوتابی ئاشنا دەبێ بە بەشێك لە ئەدەبی نەتەوەکەی بە زاری لوڕ/ لەوێشەوە شوێنو هەڵکەوتەی جوگرافی و مێژووی ناوچەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە. | |
| هەشتەم<br>نۆیەم | شاعیرانی زاری لوڕ (بابەتاهیری هەمەدانی- پورفەخرەدین) | کۆنترین شاعیری کوردی کە تائێستا بەرهەمی ساغ بیێتەوە ،( بابەتاهیری هەمەدانی)یە ، قوتابی ئاشنای دووبەتیەکانی شاعیر دەبن لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە.<br>هەروەها ئاشنای شاعیرێکی تر دەبن کە (پورفەخرەدین) ، کە تا ڕادەیەکی دیار فەرامۆشکراوە لە باسکردن لە ژیان و بەهەمەکانی | |
| دەیەم | ئەدەبی کۆنی کوردی بە زاراوەی گۆران (شیعر – پەخشان) | لە ڕووی نەژاد و ئایین-(ئەهلی حەق)و پێکهاتەی زمانی و هەڵکەوتەی جوگرافیی و مێژووی- (میرنشینی ئەردەڵان) ئەم زارە بۆ قوتابییان دەخرێتەڕوو. | |
| یازدەم<br>دوازدەم | شاعیر و نووسەرانی زاری گۆران (مەلای پەریشان -خانای قوبادی - مەولەوی ) | قوتابی ئاشنا دەبێ بە شاعیر و پەخشان نوسانی سەر بەم زارە کوردییە ، لەوانە تیایدا ژیان و بەهەمەکانیان باسدەکرێت و شیدەکرێتەوە . | |
| سێزدەم | تاقیکردنەوەی نووسینەکی یەکەم ٢٠ | هەڵسەنگاندنی قوتابییە لە ڕادەی وەرگرتن و سوود بینین لە بابەتی خوێندراو. | |

١٨ . بابەتی پراکتیك : نییە

١٩. **تاقیکردنەوەکان :** نموویەك لە فۆرمی تاقیکردنەوە:

**سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر**
**کۆلێژی پەروەردە٠ شەقلاوە**
**بەشی زمانی کوردی**

**بابەت : ئەدەبی کۆن**
**ڕێککەوت:   /   / ٢٠١٩ ، ڕۆژ : دووشەممە**
**ماوەی تاقیکردنەوە :  (     کاتژمێر)**

بەوردی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

**پ١/** بۆچی کورد ئەدەبێکی یەکگرتووی نییە؟

**پ٢/** مەبەست لە ئەدەبی کۆن چییە؟

**پ٣/** سەرەتای ئەدەبی کۆنی کوردی شیعر بووە ، یان پەخشان ؟ بۆچی؟

**٢٠.** تێبینی :

ڕەنگە بەهۆی پێویستی بوونی بابەتەکە گۆڕانکاری لە کۆرسبووکە بکرێت ، لەم حاڵەتەشدا بەرلەوە لایەنی پەیوەندیدار و قوتابییان لە گۆڕانکارییەکە و هۆکارەکەی ئاگادارەدەکرێنەوە.

**٢١. پێداچوونەوەی مامۆستای هاوەڵ:**